# تۆ دەتەوێت داوای پەنابەری بکەیت

## قۆناغی تۆمارکردن و پشوودان و کاتی ئامادەکردن

**بۆچی ئەم پەڕەیەتان بەدەستگەیشت؟**
تۆ بۆلە پێناو داواکردنی پاراستن (پەنابەری) گەشتت کرد بۆ هۆڵەندا. کاتێك داوای پەنابەری دەکەیت، زۆر شت دێتە ڕێگەت. لەم پەڕەیەدا، دەتوانیت ئەوە بخوێنیتەوە کە لە ڕۆژەکانی سەرەتای پرۆسەی پەنابەریدا دەکرێت چاوەڕێ بکرێت. IND ئەمە بە قۆناغی تۆمارکردن ناودەبەن. بە هەمان شێوە دەتوانیت ئەوە بخوێنیتەوە کە دوای قۆناغی تۆمارکردن ڕوودەدات.

## بەرکەوتەی چی ڕێکخراوێك دەبیت لە قۆناغی تۆمارکردندا؟

لە قۆناغی تۆمارکردندا، تۆ لەگەڵ کەسانی جیاوازی سەر بە ڕێکخراوە جیاوازەکان قسەدەکەیت. هەندێك لە ڕێکخراوەکان سەر بە حکومەتی هۆڵەندان و هەندێکیش نا. دەتوانیت لە خوارەوە وێنۆچکەی ڕێکخراوە جیاوازەکان ببینیت. هەروەها بە پەختی ڕونیدەکات ئەوکیان چییە.

**Afdeling Vreemdelingenpolitie, Identificatie en Mensenhandel** (AVIM)
بەشێکە لە پۆلیسی نیشتمانی. (AVIM) چاودێری هاوڵاتیانی بیانی دەکات لە هۆڵەندا. دەستەکە دەستنیشانی ئەوە دەکەن کە تۆ کێیت و زانیاریەکانت لە سیستەمەکەدا تۆمار دەکەن و بەڵگەنامەکانت لێوردەگرن بۆ پشکنین.

**Koninklijke Marechaussee** (KMar) چاودێری سنورەکانی هۆڵەندا دەکات. هەروەها لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە ئایا بەڵگەنامەکان (بۆ نمونە پاسپۆرت) ڕاستەقینەن. بە هەمان شێوە کارمەندەکان دەتوانن زانیارییەکانت لە سیستەمەکەدا تۆمار بکەن.

**Centraal Orgaan opvang asielzoekers** (COA) لەماوەی ڕێکاری پەنابەریدا، پێشوازی و ڕێنمایی دابیین داکات بۆ داواکەرانی پەنابەری لە وڵاتی هۆڵەندا. هەروەها COA بیمەی خۆراك و تەندروستیت بۆ دابین دەکات. COA دەتوانێت پەیوەندیت لەگەڵ پزیشکدا بۆ فەراهەم بکات. COA ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە و بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەری تۆ نادات.
www.coa.nl

**Immigratie- en Naturalisatiedienst** (IND) بەشێکە لە وەزارەتی داد و ئاسایشی هۆڵەندا. IND پشکنین دەکات لەسەر شایستەبوونت بۆ پەنابەری لە هۆڵەندا. لەبەر ئەمەیە تۆ لەگەڵ کارمەندەکاندا دەربارەی خۆت قسە دەکەیت. بۆچی لە هۆڵەندا داوای پەنابەریت کرد؟ IND پشکنین دەکات بۆ چێرۆکی کەسێتی و بارودۆخت لە وڵاتی ڕەسەنی خۆت. وە دوای ئەوە، IND بڕیار دەدات کە ئاخۆ دەتوانیت لە هۆڵەندا (بەشێوەیەکی کاتی) بمێنیتەوە یان نا.
www.ind.nl

**VluchtelingenWerk Nederland** (VWN) ڕێکخراوێکی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤە کە لە پیناو نوێنەرایەتی کردنی بەرژەوەندییەکانی داواکەرانی پەنابەری دامەزراوە. VWN ڕێکاری پەنابەری دابین دەکات و ڕوندەکاتەوە، ئاگادارت دەکاتەوە و هاوڕێیەتیت دەکات لە ڕێکاریەکەدا، و نێوەندگیری لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تر دابین دەکات. وە لەگەڵ پارێزەرەکەتدا بە وردی لەم بارەیەوە کاردەکەن. VWN بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەری تۆ نادات.
www.vluchtelingenwerk.nl
www.refugeehelp.nl

لە باڵەخانەکانی IND و لە ناوەندەکانی وەگرتنی COA **پاسەوانی ئاسایش بوونی هەیە.** دەتوانیت بە جل و بەرگەکانیان بیانناسیتەوە. پاسەوانەکانی ئاسایش بۆ سەلامەتی تۆ لەوێن. جانتاکانت عەمبار دەکەن. دەتوانیت پرسیاریان لێ بکەیت دەربارەی ئەوەی چی ڕێگەپێدراوە و چی ڕێگەپێدراو نییە لە بیناکان و گۆڕەپانەکاندا. پاسەوانانی ئاسایش هیچ کاریگەرییەکیان نییە لەسەر بڕیاردان لەسەر داواکاری پەنابەری تۆ. وە دەستیان ناگات بە زانیارییە کەسییەکانت.

**GezondheidsZorg Asielzoekers** (GZA) ئەورێکخراوەیە کە تۆ سەردانی دەکەیت کاتێك نەخۆشبیت یاخود نیگەرانی تەندروستیت هەبێت. ناوەندی تەندروستی GZA بەردەستە لە یان نزیکە لە هەر ناوەندێکی وەرگرتنی COA. GZA لەگەڵ پارێدەدەری پزیشك، پەرستار، پارێدەدەری کرداری GGZ یان پسپۆڕی گشتی چاوپێکەوتنت بۆ ڕێکدەخات.
www.gzasielzoekers.nl

لە شوێنی پێشوازی تۆ دیدارێکت هەیە لەگەڵ پەرستارێك لە **Argonaut Advies** (پێشتر Medifirst). ئەم پەرستارە لێدەپرسێت ئاخۆ دەتەوێت هاوکاربیت لە پشکنینی تەندروستی. ئەم تاقیکردنەوەیە بە مەبەستی دیاریکردنی ئەوەیە کە ئاخۆ تۆ کێشەی دەروونی یان جەستەییت هەیە کە ڕەنگبێ کاریگەری لەسەر چاوپێکەوتنەکانت لەگەڵ IND هەبێت.

## لە قۆناغی تۆمارکردندا چی ڕوودەدات؟

لە خوارەوە دەتوانن ئەوە بخوێننەوە کە لە قۆناغی تۆمارکردندا ڕوودەدات. دەکرێت هەنگاوەکان لە کەیسەکەتدا ڕیزبەندی جیاوازیان هەبێت. سەرەتا، تۆ هەمیشە لە تێر ئەپێل خۆت تۆمار دەکەیت. هەروەها دەتوانیت هەنگاوەکانی تر لە شوێنێکی تر جێبەجێ بکەیت.

| | |
|---|---|
| هەنگاوی یەکەم | گەیشتن بە AC Ter Apel |
| هەنگاوی دووەم | یەکەم خۆ تۆمارکردن لە IND |
| هەنگاوی سێیەم | ناساندن و تۆمارکردن |
| هەنگاوی چوارەم | پشکنینی پزیشکی |
| هەنگاوی پێنجەم | چاوپێکەوتنی تۆمارکردن |

### هەنگاوی یەکەم: گەیشتن بە ناوەندی داواکاری لە Ter Apel

تۆ دەگەیتە ناوەندی تۆمارکردن لە Ter Apel. ئەمە ئەو بینایەیە کە هەموو ڕێکاری پەنابەری تێیدا دەست پێدەکات. دوای گەیشتنی تۆ:
- پاسەوانێکی ئاسایش ناوی تۆ دەنووسێت و پاسەوانێکی ئاسایش جانتاکانت دەبات.
- پاسەوانێك دەتبات بۆ ناوچەی چاوەڕوانی. لێرە چاوەڕوانی یەکێك لە کارمەندەکانی IND بکە کە مۆڵەتت پێدەدات بێیتە سەر مێزەکە بۆ چاوپێکەوتن.

### هەنگاوی دووەم: تۆمارکردنی یەکەم لە لایەن IND

- IND داوایزانیاری کەسیی تۆ دەکات و وێنایەکی تۆ وەردەگرێت. وە ئەمە لە سیستەمێکی کۆمپیوتەردا عەمبار دەکات.
- لەوانەیە IND داوات لێ بکات کە پرسیارنامەیەك لەسەر کاغەز یان کۆمپیوتەر وەڵام بدەیتەوە. ئەم فۆرمە پێی دەوترێت فۆڕمی تۆمارکردن. ڕەنگە IND بڕیار بدات کە فۆرمی تۆمارکردن بەکارنەهێنێت، بۆ نمونە، لە ماوەی کاتەکانی سەرقاڵبوون. ئەم فۆرمەزانیاری گرنگ دەربارەی تۆ بۆ IND دابین دەکات. بۆ نمونە، پرسیار دەربارەی شوێنی نیشتەجێبوونت، خێزان و گەشت لەخۆ دەگرێت. هەروەها بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەیتەوە کە بۆچی داوای پەنابەری دەکەیت. IND ئەمزانیاریە بەکاردەهێنێت بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی ڕێکاری پەنابەریت. بۆیە گرنگە بەڕاستگۆیی وەڵام بدەیتەوە.

ئەگەر سەرقاڵەبوون، دەکرێت دوای تۆمارکردنی یەکەم بە شێوەیەکی کاتی بگوازرێیتەوە بۆ ناونیشانێکی دیکەی COA. هەتا ڕێکارییەکەت دەستپێدەکاتەوە، لەوێ دەمێنیتەوە.

**هەنگاوی سێیەم: ناساندن و تۆمارکردن**
لە پێناو داواکاری پەنابەریت، پێویستە حکومەتی هۆڵەندا بزانێت تۆ کێیت. بۆیە یەکەمجار ناساندن و تۆمارکردن ئەنجام دەدرێت:
- ناساندن واتە دیاریکردنی ئەوەی کە تۆ کێیت. ئەمە لەڕێگەی بەڵگەنامە و بە پرسیارکردن دەربارەی ڕەسەنایەتی تۆ ئەنجام دەدرێت.
- تۆمارکردن واتە عەمبارکردنی زانیارییەکانت لە سیستەمێکی نیشتمانیدا. ئەم زانیارییە پێویستە بۆ دەستنیشانکردنی ڕێکاری داواکاری پەنابەریت.

کارمەندانی دوو ڕێکخراوەکە گرنگی دەدەن بە کاروبارەکانی ناساندن و تۆمارکردن. ئەوانیش بریتیین AVIM و KMar. تۆمارکردن بە ئامادەبوونی وەرگێڕێك ئەنجام دەدرێت (بە تەلەفۆن). لە خوارەوە دەتوانن لەسەر چۆنیەتی کاری تۆمارکردن بخوێنیتەوە. AVIM یان KMar:
- داوای ناو، شوێنی نیشتەجێبوون و گەشتەکەت دەکەن بۆ دیاریکردنی ناسنامەکەت. بۆیە گرنگە کە ڕاستگۆ بیت.
- داواکاری پەنابەریت واژۆکردووە. ئەم بەڵگەنامەیە بە فەرمی ئەوە دەسەلمێنێت کە تۆ داوای پەنابەریت لە هۆڵەندا کردووە.
- وێنەی دەموچاوی تۆ دەگرێت، پەنجەمۆری تۆ وەردەگرێت و داوای واژۆی تۆ دەکات. ئەمە پێویستە، لە نێوان شتەکانی تردا، بۆ دروستکردنی بەڵگەنامەیەك: ناسنامەی نەتەوەیی بیانی (VI). بەم بەڵگەنامەیە تۆ دەتوانیت نیشانی بدەیت کە داوای پەنابەری لە وڵاتی هۆڵەندا کردووە.
- بەڵگەنامەکانت وەردەگرێت، بۆ نموونە پاسپۆرتەکەت. وە بەڵگەنامە کەسیەکانت بۆ پێداچوونەوە پێشکەش دەکات. ئەگەر بەڵگەنامەکان ڕاستی بن، ئەوا لە کۆتایی ڕێکاری پەنابەیدا وەیان دەگریتەوە.
- بە مەبەستی پشکنین مۆبایلەکەت لێوەردەگرێت. لێکۆڵینەوە لەوە دەکرێت کە ئایا زانیاری لەسەر مۆبایلەکەت بوونی هەیە کە گرنگبێت بۆ داواکاری پەنابەریت. دوای پشکنین، مۆبایللەکەت وەردەگریتەوە. ڕەنگە ئەمە چەند ڕۆژێك بخایەنێت.
- جانتاکەت دەپشکنێت.

دوای تۆمارکردن دەچیتە ناوەندی پێشوازی. ئەگەر سەرقاڵ بێت، لەوانەیە بە شێوەیەکی کاتی بگوازرێیتەوە بۆ ناونیشانێکی تر. هەتا ڕێکارییەکەت دەستپێدەکاتەوە، لەوێ دەمێنیتەوە. COA شوێنی خەوتن و خواردنت نیشان دەدات.

**هەنگاوی چوارەم: پشکنینی پزیشکی**
دوای تۆمارکردن، تۆ چاوپێکەوتنێکی پزیشکی وەردەگریت لە GZA. هەروەها، لە هەندێک حاڵەتدا، GGD پشکنینی ئەوە دەکات کە ئایا نەخۆشی سیلت (TB) هەیە. ئەمە نەخۆشییەکی درمی گوازراوەیە. پاشان وێنەی تیشکی ئێکس لە سییەکانت وەردەگرن.

**هەنگاوی پێنجەم: چاوپێکەوتنی خۆ تۆمارکردن لەگەڵ IND**
چاوپێکەوتنی خۆ تۆمارکردن چاوپێکەوتنێکی گرنگە کە تێیدا IND پرسیارت لێ دەکات. ئایا پێشتر فۆرمی تۆمارکردنت پڕکردووەتەوە؟ دواتر لە چاوپێکەوتنەکەدا، IND ئەم زانیارییانە بەکاردەهێنێت.

ئامانجە سەرەکییەکانی چاوپێکەوتنەکە بریتین لە:
- زانیاری وەردەگرن لەسەر ئەوەی:
  - تۆ کێیت؛
  - لە کوێوە هاتوویت؛
  - چۆن گەشتت کرد.
- سەیری ئەو دۆکیومێنتانە بکە کە پێشتر پێشکەشت کردووە. ئایا هیچ بەڵگەنامەیەکت هەیە کە پێشتر پێشکەشت نەکردبێت؟ پاشان دەتوانیت ئەمانە بۆ IND دابین بکەیت.
- بزانە ئاخۆ پێویستە وڵاتێکی تر لە ئەوروپا بڕیار لەسەر داواکاری پەنابەری تۆ بدات. دەتوانیت زانیاری زیاتر لەسەر پەڕەواکە بدۆزیتەوە "من لە یەکێتی ئەوروپا (EU) داوای پەنابەریم کردووە - کام وڵات داواکارییەکەم وەردەگرێت؟".
- ئەوە دیاری دەکات کە چۆن پرۆسەی پەنابەری تۆ بەردەوام دەبێت.

IND پرسیارت لێدەکات دەربارەی:
- ناسنامە، نەتەوە، وڵاتی ڕەسەن، شوێنی نیشتەجێبوون و ژینگەی ژیانت؛
- خێزان؛
- بەڵگەنامەکان؛
- پەروەردە؛
- دامەزراندن و خزمەتی سەربازی؛
- ژیانکردن لە وڵاتانی جیاواز؛
- گەشتەکەت بۆ هۆڵەندا؛
- ئەوەی بۆچی داوای پەنابەری دەکەیت.

پێویستە لەم چاوپێکەوتنەدا بە تەنها وەڵامی کورت بدەیتەوە بۆ ئەو پرسیارەی کە بۆچی داوای پەنابەری دەکەیت. IND ئەمزانیارییانە بەکاردەهێنێت بۆ بەرنامەڕێژکردنی ڕێکاری گونجاو. لە چاوپێکەوتنێکی دووەمدا، دەتوانیت بە وردی باسی هۆکارەکانی داواکاری پەنابەریت بکەیت. ئەم گفتوگۆیە پێی دەوترێت چاوپێکەوتنی ورد.

IND ڕاپۆرتێک لەسەر چاوپێکەوتنەکە دەدات. دواتر وێنەیەکی ئەمەت بەدەست دەگات.

ئایا چاوپێکەوتنی تۆمارکردن کۆتایی پێهاتووە؟ IND دەتوانێت دەنگت تۆمار بکات بۆ ئەوەی بزانێت خەڵکی چی ناوچەیەکیت. پاشان بۆ ماوەیەکی کورت بەزمان یان ئەوزمانانەی کەڕاهاتووی قسەی پێ بکەیت قسە دەکەیت.

**وەرگێر**
تۆ چەندین چاوپێکەوتنت لەگەڵ ڕێکخراوە جیاوازەکاندا دەبێت. لە زۆربەی گفتوگۆکاندا، وەگێڕێک یارمەتی وەگێڕانی گفتوگۆکە دەدات. وەگێڕەکە ڕستە و وشە هۆڵەندییەکان وەردەگێڕێتە سەر زمانێک کە تۆ دەتوانیت لێی تێبگەیت. وەگێڕەکە ئەو وەردەگێڕێتە سەر زمانی هۆڵەندی کە تۆ دەیڵێیت. وەگێڕەکە هیچ کاریگەرییەکی نییە لە بڕیاردان لەسەر داواکاری پەنابەری تۆ. هەندێک جار وەگێڕەکە لە کاتی چاوپێکەوتندا ئامادە دەبێت. بەڵام زۆرجار ئەمە لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجام دەدرێت. چاوپێکەوتن لەگەڵ IND دەربارەی هۆکارەکانی داواکاری پەنابەریت هەمیشە وەگێڕێک لەخۆدەگرێت. تکایە دەستبەجێ ئاماژە بەوە بکە کە تۆ و وەگێڕەکە ناتوانن بە باشی لە یەکتر تێبگەن. دواتر IND هەوڵدەدات وەگێڕێکی تر دابین بکات. ئەوە زۆر گرنگە کە تۆ بە دروستی لە پرسیارەکان تێبگەیت بۆ خۆبەدوورگرتن لە هەڵەتێگەیشتن.

## دوای قۆناغی تۆمارکردن چی ڕوودەدات؟

دوای قۆناغی تۆمارکردن:
- بە گشتی دەچیت بۆ ناوەندێکی وەرگرتنی دیکەی COA؛
- IND ڕێکاری پەنابەری تۆ دیاری دەکات؛
- IND دەتوانێت ڕادەی پێویستبوونی لێکۆڵینەوە دیاری بکات بۆ بڕیاردان لەسەر داواکاری پەنابەریت. IND دەتوانێت لێکۆڵینەوە ئەنجام بدات، بۆ نموونە لە بەڵگەنامەکانت؛
- کاتێک دەچیت بۆ ڕێکاری گشتی پەنابەری، ئەوا دەست بکە ماوەی پشوودان و ئامادەکردن (RVT).

## چی ڕوودەدات لە ماوەی پشوودان و ئامادەکردن؟

ماوەی پشوودان و ئامادەکردن هەفتەیەك بۆ چەند مانگێك بەردەوام دەبێت. ئەگەر سەرقاڵ بێت، لەوانەیە زیاتر بخایەنێت. لە RVT پشووی گەشتەکەت وەردەگریت. وە دەتوانیت خۆت ئامادە بکەیت بۆ ڕێکاری گشتی پەنابەری (AA). زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێکاری گشتی پەنابەری AA لە پەڕەکەدا دەدۆزریتەوە: "داواکاری پەنابەری تۆ، زانیاری دەربارەی ڕێکاری گشتی پەنابەری" دواتر ئەم پەڕەیەت بەدەست دەگات. هەندێک جار تۆ ماوەی پشوودان و ئامادەکردن وەرناگریت، بۆ نمونە ئەگەر لە ناوەندی وەرگرتن ئاژاوە بنێیتەوە. پاشان چاوپێکەوتنت لەگەڵ پارێزەرێکدا دەبێت بەرلەوەی ڕێکاری گشتی پەنابەری AA دەست پێ بکات. پارێزەر یارمەتیت دەدات لە ئامادەکردنت بۆ چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ IND. لە خوارەوە دەتوانیت ئەوە بخوێنیتەوە کە لە ماوەی پشوودان و ئامادەکردندا ڕوودەدات. دەکرێت هەنگاوەکان ڕیزبەندی جیاوازیان هەبێت.

| | |
|---|---|
| هەنگاوی یەکەم | زانیاری |
| هەنگاوی دووەم | پارێزەر |
| هەنگاوی سێیەم | چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرستار |
| هەنگاوی چوارەم | ناردنی بەڵگەنامەکان بۆ IND |
| هەنگاوی پێنجەم | بانگهێشتکردن بۆ چاوپێکەوتنی ورد |

**هەنگاوی یەکەم: زانیاری**
تۆ زانیاری لە VWN وەردەگریت دەربارەی ڕێکاری پەنابەری. هەروەها دەربارەی ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ماوەی ڕێکاریەکەدا کار لەگەڵ تۆدا دەکەن.

**هەنگاوی دووەم: پارێزەر**
تۆ پارێزەرێك وەردەگریت کە یارمەتیت دەدات بۆ ئامادەکردنی پرۆسەی گشتی پەنابەری. پارێزەرەکەت یاسا و ڕێساکانی پەنابەری دەزانێت. وە دەزانێت چاوپێکەوتنە وردەکە چەندێك گرنگە. پێویست ناکات پارە بە پارێزەرەکە بدەیت.

**هەنگاوی سێیەم: چاوپێکەوتن لەگەڵ پەرستار**
لە پەناگەدا دیدارت لەگەڵ پەرستارێکدا هەیە. لەم چاوپێکەوتنەدا، پەرستارەکە پرسیاری ئەوە دەکات کە ئایا کێشەی دەروونی و/یان جەستەییت هەیە. پەرستارەکە دەیەوێت بزانێت ئاژۆ ئەو کێشانە کاریگەرییان لەسەر چاوپێکەوتنەکەت لەگەڵ IND دەبێت یاخود نا. بەم شێوەیە، IND دەتوانێت ئەوەندەی لە توانادا بێت ڕەچاوی بکات.

**هەنگاوی چوارەم: ناردنی بەڵگەنامەکان بۆ IND**
هیچ بەڵگەنامەیەکی گرنگت هەیە کە پاڵپشتی چیرۆکی پەنابەریت بکات؟ دواتر ئەم بەڵگەنامانە بنێرە بۆ هۆڵەندا. هەوڵ بدە بە زووترین کات ئەم کارە ئەنجام بدەیت. لەوانەیە IND هێشتا پێویستی بە بەڵگەنامەڕاستێنراوەکان هەبێت. دەکرێت زانیاری زیاتر لە پەڕەکە بەدەستبهێنیت: "چۆن بەڵگەنامەکانت پێشکەش بکەیت؟".

**هەنگاوی پێنجەم: بانگهێشتکردن بۆ چاوپێکەوتنی ورد**
نامەیەکت لە IND پێدەگات بە هاوپێچی لەگەڵ بانگهێشتنامەیەك بۆ چاوپێکەوتنی ورد. لە پەڕەکەدا: "داواکاری پەنابەری تۆ، زانیاری دەربارەی ڕێکاری گشتی پەنابەری"، دەتوانیت لەسەر چۆنیەتی بەردەوام بوونی ڕێکاریەکە بخوێنیتەوە.

# ڕێکاریکردنی زانیاری کەسی

زانیاری کەسی واتە هەر جۆرە زانیارییەك دەربارەی تۆ. ئەو ڕێکخراوانەی بەشداری ئەم پەڕەیە دەکەن لە خوارەوە ڕیز کراون. ئەم ڕێکخراوانە زانیاری کەسی ڕێکاری دەکەن لە کاتی ڕێکاریکردنی داواکاری، ڕاپۆرت یان داواکاریەکەت. ئەوان زانیاریت لێدەکەن و هەروەها پەیوەندی بە ڕێکخراوەکان یان کەسانی ترەوە دەکەن ئەگەر پێویست بکات. ئەگەر بە پێی یاسا داوا بکرێت ئەم ڕێکخراوانە زانیارییەکان بەکاردەهێنن و هەڵدەگرن و دەگوازنەوە بۆ ڕێکخراوەکانی تر. یاسای تایبەتمەندێتی پابەندبوون بۆ ئەو ڕێکخراوانە دیاری دەکات کە زانیارییەکان ڕێکاری دەکەن. بۆ نمونە، پێویستە بە وردی و بە پارێزراوی مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا بکەن. بە هەمان شێوە یاسای تایبەتمەندی مافەکانت دیاری دەکات. بۆ نمونە، لەسەر داواکاری، تۆ ئەم مافانەی خوارەوەت هەیە:

- وردەکانی لە زانیارییە زانراوەکانت بۆ ڕێکخراوەکان؛
- زانینی ئەوەی کە ڕێکخراوەکان چی لە زانیارییەکانت دەکەن و بۆچی؛
- زانینی ئەوەی کە زانیارییەکانت گواستراوەتەوە بۆ چی ڕێکخراوێك.

ئایا دەتەوێت زیاتر بزانیت دەربارەی ڕێکاریکردنی زانیارییە کەسییەکان و مافەکانت؟ تکایە سەیری ماڵپەڕەکانی ڕێکخراوەکان بکە.


وەزارەتی داد و ئاسایش
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆچبەران
www.rijksoverheid.nl

ڕێگەنادرێت هیچ مافێك لە ناوەڕۆکی ئەم بڵاوکراوەیە وەربگیرێت. ئەگەر وەگێڕانەکە ببێتە هۆی دروستبوونی جیاوازی لە وەگێڕاندا، وەشانی هۆڵەندی زاڵ دەبێت.

ئەم بڵاوکراوەیە بریتییە لە وەشانێکی هاوبەشی:
Afdeling Vreemdelingenpolitie, Identificatie en Mensenhandel (AVIM)
Nidos
Centraal Orgaan opvang asielzoekers (COA)
Immigratie- en Naturalisatiedienst (IND)
Koninklijke Marechaussee (KMar)
Raad voor Rechtsbijstand (RvR)
VluchtelingenWerk Nederland (VWN)
Internationale Organisatie voor Migratie (IOM)
Dienst Terugkeer en Vertrek (DT&V)

ڕاستێندراو لەلایەن: